# مۆبایلەکانیش ئەنفالکران!

## هاوڕێ باخەوان

بەهۆی ئەو هەموو تۆڕە مۆبایلانەی باشووری کوردستانی تەنیوە, زۆرمان سەرفراز بووین و پەیوەندیی نێوان باشووری کوردستان بەیەکەوە و هەروەها بەدەرەوەی ولاتیشەوەی زۆر هاسان کردووە. هەرچەندە کوالیتیی هێڵەکان لەسەرەتادا ئەو باشە نەبوو, بەلام ئێستا خۆشبەختانە کە تەلەفون بۆ مۆبایلێکی کوردستان دەکەیت, هەر وادەزانیت لەگەڵ ولاتێکی ئەوروپادا ئاخاوتن دەکەیت.

تا پێش ماوەیەکیش کە تەلەفونم دەکرد و گەر خاوەن مۆبایلەکە وەلامی نەدایایەوە یان ئامێرەکەی داخستبایە, ئەوا یەکسەر بە زمانی شیرینی کوردی ئافرەتێکی کورد بە ئۆتۆماتیکی پێی دەگووتم "ببوورە ئەو ژمارەیەی داواتکردووە لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندییدایە یان ...."[1]. پەیامی ئەم خانمە بۆ من زۆر دلخۆش بوو بەوەی زمانەکەی منیش بووەتە زمانی تەکنەلۆژیای نوێ..

لەم رۆژانەدا تەلەفونم کردەوە بۆ سلێمانی و بۆ ژمارەیەکی مۆبایل, خاوەن مۆبایلەکە وەلامی نەبوو و هەروەك جاران بە ئۆتۆماتیکی خانمەکە هاتەوە سەر هێڵەکە بۆ ئەوەی هەمان پەیامم پێ رابگەیەنێتەوە, بەلام ئەمجارەیان خانم بەزمانێکی بێگانە پێی وتم "الهاتف مقفول أو خارج دائرة..."[2]. پاش کەمێك وەستان وامزانی پاش عارەبییەکە بەزمانەکەی خۆشم پێم دەلێت وەك ئەوەی لە دەستووری کاتیی ئێراقیدا هەیە!, بەلام بەداخەوە هەمان دەستەواژەی بەو زمانە بێگانەیە دووبارەکردەوە و کوردیی تێدانەمابوو. منیش هەر ئەوەم پێکرا تەلەفونەکەم بەتووڕەیی داخستەوە[3].

2004-04-12

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

---

[1] بەداخەوە دەستەواژەکەییم بەتەواوەتی لەبیرنەماوە, بەلام مەبەستی پەیامەکە ئەوە بوو کە خاوەن مۆبایل یان تەلەفونەکەی داخستووە یان لەدەرەوەی بازنەی تۆڕی مۆبایلدایە, واتە لە شوێنێکە کە شەپۆلی مۆبایلی ناگاتێ.

[2] هەمان دەستەواژە کوردییەکەی سەرەوەیە و کراوەتە زمانی عارەبی.

[3] تێبینی: خاوەنی ئەو مۆبایلە کۆمپانیای "ئاسیا"یە لە سلێمانی و بەهۆی ئەوەی کۆنتراکتی مۆبایلی چەند تۆڕێکی گەورەی لە ئێراقدا وەرگرتووە, ئەو پەیامە کوردییەی کردە عەرەبی.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET